## بەڕێز داواکاری مافی پەنابەری:

# ماوەکانی سکاڵاکردن لە بڕیارەکان درێژ دەکرێنەوە و دەستکەوتنی پارێزەر بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەری ئاسان دەبێت

ماوەکانی ئەو سکاڵایانەی کە لە دژی بڕیارەکانی مافی پەنابەری دەکرێن درێژدەکرێنەوە. لە ٢٠٢١/٨/١ بەدواوە یاسایەك کارا دەکرێت کە بەپێی ئەو یاسایە

- سکاڵاکردن بۆ دادگای کارگێڕی دەبێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بکرێت، لەو ڕۆژە بەدواوە کە زانیاریی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچت وەرگرتووە.
- داوای ڕێگاپێدان بۆ پیشکەشکردنی سکاڵا بۆ دادگای بەرزی کارگێڕی دەبێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بکرێت، لەو ڕۆژە بەدواوە کە زانیاریی بڕیارەکەی دادگای کارگێڕیت وەرگرتووە.

پێشتر ماوەی سکاڵاکردن بۆ دادگای کارگێڕی ٢١ ڕۆژ بوو و بۆ دادگای بەرزی کارگێڕی ١٤ ڕۆژ بوو. ئەوسای کە یاساکە دەگۆڕێت ماوەکانی سکاڵاکردن بۆ هەردوو دادگای کارگێڕی درێژدەبنەوە.

## بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەری لە جاران ئاسانتر پارێزەری بەخۆڕاییت بۆ دادەنرێت

چیتر پێویست بەوە ناکات کە هۆیەکی قورسی هەبێت بۆ پارێزەر تاوەکو پارێزەر بەرامبەر بە بەشداریکردنی لە چاوپێکەوتنەکەتدا قەرەبوو وەربگرێت.

هەر وەکو پێشتر، پارێزەر بەپێی بیرکردنەوەی خۆی بەشداری لە چاوپێکەوتندا دەکات. وە ئەگەر تۆ بتەوێت پارێزەرەکەت لە چاوپێکەوتنەکەدا بەشداری بکات، بەر لە چاوپێکەوتنەکە گفتوگۆی لەگەڵدا بکە.